# خۆزگە خنکاوەکانی کەرکوك



هەر جارەی ڕەنگێکت پۆشیوە

هەرساتەو خەمێکت نۆشیوە

بەکام نازناو

لەم دەڤەرە ترسناکە بتناسمەوە

لەنێو سۆزی

کام کۆپلە شیعردا بتدۆزمەوە

ئەی تامەزرۆی

شەپۆلەکانی خۆرو

ڕێژنەبارانی ئارەزو

ئەی چاوەڕێی گومانەکانی حەزو

چەمکیٚ بازوو....

ئاوێتەم بە ... چ نازێکە

عیشوەی دوری و بیٚ ئارامیت

چ خەونێکە

بۆ باوەشت نایەتەدی

لە بیٚ ئارامی و سەرسامیت

ئەی ناسکتر لە پەرەی گوڵ و

مەلولتر لە گەڵاکانی خەزان

خەمخۆری دڵیٚ عاشق و

چقڵی چاوی ناحەزان

ئاوێتەم بە

دەستێکت بنیٚ سەردڵم

دەستەکەی ترت ژێرسەرم

بادیسان ئاوارەیی خۆم

بە شاخ و کێو دەشت نەسپێرم

پەیامێك بۆ خاك بنێرم

ئەوەی هات و هەروەك گورگ

چرنوكێكی لە هەوكت نا...

ئەوەی هات و هەرەسێكی

لە دۆسیەی تەمەنی تۆ دانا...

ئەوەی بە ڵێنی پێت دابوو

بتکابە بووك...کرنۆشی بۆ جوانیت دەبرد

لە شەوی بەزاوابوونیدا

تیرۆریان کرد...

ئەوانەی تۆیان کرد بە (ق....)

ئەوانەی پێیان دەگوتی (د...)

واخەریکن فرمێسکی جودابیت هەڵڕێژن

لە نێو کۆمەڵێ

خۆزگەی خنکاودا بتنێژن....!

**سەرهەنگ خامۆش**

Xamosh_s@hotmail.com